

## لە فەرەنسا ڕۆمانی (بازنە)خەڵاتی دیسێمبەر وەردەگرێت

یانیک هاینە-ی ڕۆماننوسی فەرەنسیی تەمەن ٤٠ساڵ، دوای ئەوەی ناوی چووە لیستی نوسەرە پێشنیازکراوەکانەوە بۆ خەڵاتی (کۆنگۆر) لەو سەروبەندەدا توانی خەڵاتی دیسێمبەر بۆ ڕۆمانی (بازنە) بەدەستبهێنێت،بازنە ڕۆمانێکە باس لە کەسێک دەکات کە بڕیاردەدات سەر لەبەری ژیانی خۆی بگورێتو بۆ ئەم کارەشی دەست بە سەفەردەکاتو تەواوی ڕوداوەکانی ڕۆمانەکە لەمیانەی ئەو سەفەرەدا ڕوودەدەن. یانیک هاینە لەساڵی ١٩٦٧ لەدایک بووەو یەکەمین ڕۆمانی خۆی لە ساڵی ١٩٩٦دا بڵاوکردۆتەوە بەناوی (مێزگرت) لە ٢٠٠١دا ڕومانێکی تری بەناوی (لە پرسەی فەرەنسیدا)و دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٣ دا ڕۆمانی (گۆرانی چارەنوسی بەهمەن)ی نوسیوە.
خەڵاتی دیسێمبەر یەکێکە لە پێری خەڵاتە پایزانەکانی ئەدەبیاتی فەرەنساو برەکەی ٣٠ هەزار دۆلارەو لەساڵی ١٩٨٩ەوە، وەک نریتێکی ساڵانە لەو مانگەدا دەدرێت.

## ماسییەکانی ئیسماعیل خەیات لە ئەڵوەن



**کاروان ئەحمەد**

باڵندەو ماسییەکانی خانەقین نوێترین پێشانگەی تایبەتی ئیسماعیل خەیاتەو بڕیارە ڕۆژی ١١/١٣ مەڵبەندی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی گەرمەسێر لە شاری خانەقین بیکاتەوە. ئەم پێشانگەیە ماوەی سێ ڕۆژ دەخایەنێت و ٣٠ تابلۆی هونەرمەند نمایش دەکرێت، کە ئەو تابلۆیانە نوێترین ئەزمونی هونەرمەندن لە بواری وێنەکێشاندا. سەبارەت بەم پێشانگەیە ئیسماعیل خەیات ڕایگەیاند: «لەدوای ئەو گەشتە هونەرییەم بۆ بەریتانیاو کردنەوەی پێشانگا لە چەند شارێکی ئەو وڵاتە، پێمخۆش بوو ئەم پێشانگەیە لە خانەقین بکەمەوە، چونکە تابلۆکانی ئەم پێشانگەیە کۆمەڵێک چیرۆکێکی تایبەتیینو باس لە بیرەوەرییەکانی منداڵیی خۆم دەکەن لە خانەقین. ئەمە جگە لەوەی ئەو تابلۆیانەی لەم پێشانگەیەدا نمایشیان دەکەم بەشێکن لەکارکردنی هونەریی خۆم کە بۆ یەکەمجارە لە پێشانگەیەکدا بیانخەمە ڕوو».

## «ناکۆکیەکانی نێوان دوو دانیشتن» کتێبێکی سەلاح ئەحمەد



**چۆمان ئەبوبەکر**

کتێبی (ناکۆکیەکانی نێوان دوو دانیشتن) لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕەنج-ەو دوو گفتوو گۆی کراوەیە لەگەڵ (ئەحمەد بەرقاویو یوسف سەلامە) کە ڕوناکبیر سەلاح ئەحمەد لەساڵی ٢٠٠٠دا لە شام لەگەڵیاندا سازیکردووە. کتێبەکە قسەیەکە لەسەر خەمساردیی ڕۆشنبیری عەرەبیی بەرامبەر بە دۆزی کوردیی، لە پێشەکی کتێبەکەدا سەلاح ئەحمەد دەڵێت «من ئێستا پتر ڕۆشنبیری کورد لۆمە دەکەم کەنەیتوانیوە تەنانەت لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری ڕۆژنامەوانیش دۆزێک بۆ مەسەلەکەی دروست بکات».
سەلاح ئەحمەد یەکێکە لەڕوناکبیرە جدیەکانی کورد لە تاراوگەو ئێستا مامۆستای فەلسەفەیە لەزانکۆیەکی کەنداداا.

## هێمن حەمیدو ئاڤان سدیق لە پرۆژەیەکی شێوەکاریدا لە فەرەنسا





**فەرمان عەبدولڕەزاق**

لە سەر باڵنگێشتی ڕێخراوی باڵندەبارانو لەچوارچێوەی ئەو کارو چالاکیانەدا کە لە وڵاتی فەرەنسا ئەنجام دەدرێن، بەمەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ مۆزەخانەی هونەری نیشتمانیی لە شاری سلیمانی، لە سەرەتای مانگی یازدەی ئەم ساڵەوە هەردوو هونەرمەندی شێوەکار (هێمن حەمیدو ئاڤان سدیق) بانگێشتی وڵاتی فەرەنسا کراون بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی هونەریی کەبڕیارە لە (٦-١٢-٢٠٠٧) نمایش بکرێت. لە پەیوەندیەکدا هونەرمەند هێمن حەمید بۆ پەیک دواو وتی: «پرۆژەکە نمایشێکی هونەرییە لە وڵاتی فەرەنسا، بە مەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندی کلتورییە لە نێوان هەرێمی کوردستانو هەرێمی باکوری فەرەنسا، پرۆژەکەی ئێمە لە شاری ڕۆلیکس پیشاندەدرێتو بریتیە لە دوو کاری شێوەکاریی جیاواز کە یەکێکیان کاری منەو ئەوی دیکەشیان کارێکی ئاڤان سدیقە کە بەجیا نمایش دەکرێت».
لە ژمارەکانی ئایندەی پەیک-دا دیداریک لەگەڵ هێمن حەمید-دا دەخوێننەوە.

## کتێبێکی نوێی عادل باخەوان لە دەزگای سەردەم



(تیرۆریسم وەک بیناکردنی کۆمەڵایەتی) لێکۆلینەوەیەکی عادل باخەوان-ە لەسەر چەمکەکانی تیرۆریسم و دەرکەوتە و میکانیزمەکانی لە بوارە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئەم کتێبە ئەم ناونیشانانە لەخۆدەگرێت (تیرۆریسم چییە؟ ڕەگوریشەکانی تیرۆریسم لە مێژوودا چین؟ تیرۆریسمی دەولەت دژ بەگروپە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان، بزوتنەوەی کۆمەلایەتیو پەیوەندی بە تیرۆریسمەوە، ئەزمونی تیرۆریسم لەکوردستاندا). کۆتایی کتێبەکەش پاشکۆیەکە، کەبریتییە لە چەند دیالۆگێک لەگەڵ چەند کەسێتیەکی جیهانیدا. ئەم کتێبە لەبلاوکراوەکانی چاپو پەخشی سەردەم-ە.


ستاف:

توانا ئەمین، شاخەوان سدیق

دیزاین : دیاری محەمەد

paik_rozhnama@yahoo.com